# LIDA Stories

lidastories.net

## هاتن بۆ نەرویج / Arrivando in Norvegia

Aamiina
Julie Cornelia van Walsum
Dler Piran (ckb), Andrea Ciasca Marra (it)

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0

# هاتن بۆ نەرویج

# Arrivando in Norvegia




Aamiina
Julie Cornelia van Walsum
Dler Piran
5
کوردی ckb / Italiano it




لە مانگی 12ی 2016 من و دوو براکەم هاتینە نەرویج. ئێمە جلوبەرگی هاوینمان پۆشیبوو چونکە وامانزانی لە نەرویجیش گەرمایە و وەک لە سۆماڵ وایە. هەرچۆنێک بێت، کاتێک گەیشتینە فڕۆکەخانە، بەفر دەباری. ئێمە سەرمامان بوو و کەشەکەش تەزی بوو. لەگەڵ ئەوەی چەند جانتایەکمان هێنابوو، ئەوان تەنها جلی هاوینەیان تێدا بوو.

. . .

I miei due fratelli ed io siamo arrivati in Norvegia nel dicembre del 2016. Indossavamo abiti estivi perché pensavamo che in Norvegia avrebbe fatto caldo come in Somalia. Ma quando arrivammo in aeroporto stava nevicando. Avevamo freddo, il clima era gelido. Sebbene avessimo portato varie valigie, c’erano solo abiti estivi dentro.



هەرچەندە سارد بوو، من دڵخۆش بووم ئەو کاتەی هاتینە نەرویج. لەکۆتاییدا دووبارە دایکم دەبینم، کە بۆ شەش ساڵ نەمبینیبوو. دایکم و دوو لە هاوڕێکانی پێشوازیان لێکردین. کاتێک بینیمان لە خۆشیان گریاین. بەرەو ئەو شارۆچکە بچووکە لێیانخوڕی کە دایکم لێی دەژیا.

. . .

Nonostante il freddo, ero contenta di essere venuta in Norvegia. Avrei finalmente riabbracciato mia madre, che non vedevo da sei anni. Mia mamma e due sue amiche erano venute a prenderci. Quando le abbiamo viste siamo scoppiate a piangere per la gioia. Ci hanno portato nella cittadina dove vive mia madre.



رۆژەکانی سەرەتا لە شارۆچکەکەی دایکم زۆر سەیر بوون. سارد و بەفراوی بوو و شتی زۆر نەبووە ببینین. شەقامەکان بەتەواوی خاڵی بوون. ئەو خەڵکە کەمەی کە بینیم سارد و ناحەز بوون. لە سۆماڵ لە هەموو شوێنێک خەڵکی لێبوو، بۆیە هەموو شتێک لێرە نامۆ دیار بوو. دایکم و هاوڕێکانی هەندێک دیاریان بە ئێمە دا، ئەوجا ئێمەی برد بۆ کڕینی جلوبەرگی زستان.

. . .

I primi giorni in quella cittadina sono stati molto strani. Nevicava, faceva freddo e non c’era molto da vedere. Le strade erano completamente vuote. Le poche persone che incontravo sembravano fredde e poco amichevoli. In Somalia c’è gente dappertutto, quindi qui ogni cosa sembrava estranea. Mia madre e le sue amiche ci hanno fatto dei regali, e poi lei ci ha portato ad acquistare vestiti invernali.





ئەگەر لە سۆماڵ بمامایەتەوە، پێموایە ئێستا دەبوومە دایک. لەوانەیە ئێستا چەند منداڵم هەبووایە. ئەگەر لە سۆماڵ بوومایە، هەموو ئەو هەلانەم نەدەبوو کە ئێستا هەمە. هەست دەکەم بە بەختم کە لە نەرویج دەژیم.

. . .

Se fossi rimasta in Somalia, penso che adesso sarei già madre. Forse avrei già diversi figli. In Somalia non avrei tutte le opportunità che ho adesso. Mi sento fortunata a vivere in Norvegia.





ساڵی داهاتوو دەست دەکەم بە قوتابخانەی ناوەندی لە بەشی گەشەپێدانی تەندروستی و گەنجان. دەمەوێ لە داهاتوودا ببم بە کارمەندی کۆمەڵایەتی گەنجان. کاتێک خوێندنەکەم تەواوکرد خەونم ئەوەیە کارێکی بەردەوامم دەستکەوێت. هەروەها دەشمەوێت فێری شۆفێری ببم و مۆڵەتی شۆفێری وەرگرم.

. . .

L’anno prossimo andrò alla scuola secondaria, con indirizzo “sviluppo salute e gioventù”. In futuro voglio diventare operatore giovanile. Quando avrò completato la mia istruzione, sogno di avere un lavoro fisso. Voglio anche imparare a guidare e prendere la patente.






دوای پشووەکانی سەری ساڵ پەیوەندیم بە خولێکی زمانی نەرویجی کرد لە سەنتەرێکی پەروەردەیی پێگەیشتووان. من بۆ دوو ساڵ لەوێ خوێندم بەر لە چوون بۆ قوتابخانەیەکی گشتی. ئێستا من لە کۆتا ساڵم دام، وە کۆمەڵێک هاوڕێی نوێم پەیدا کردووە. من زۆر کۆمەڵایەتیم و چێژ دەبینم لە ناسینی خەڵکی تر.

. . .

Dopo le vacanze di Natale, mi sono iscritta a un corso di norvegese presso un centro scuola per adulti. Ho studiato per due anni lì prima di essere ammessa in una scuola pubblica. Ora sono all’ultimo anno e ho fatto tante nuove amicizie. Sono molto socievole e amo conoscere altra gente.



دوای قوتابخانە دەچمە ناوەندێک کە لەلایەن خۆبەخشانەوە بەڕێوەدەچێ کە لەوێ یارمەتی وەردەگرم بۆ ئەرکی ماڵەوەم. هەروەها پەیوەندیم بە خولێکی دروومانیشەوە کردووە لەناوەندەکە.

• • •

Dopo la scuola vado in un centro gestito da volontari dove mi aiutano a fare i compiti. Lì frequento anche un corso di cucito.





لە سۆماڵ هەرگیز نەچووم بۆ قوتابخانە و هیچ خولێکم نەبینیوە جگە لە قوتابخانەی قورئانی. نەمدەزانی چۆن بخوێنمەوە یان بنووسم. ئێستا فێربووم چۆن بنووسم بە هەردوو زمانی سۆماڵی و نەرویجی، لەگەڵ چەندین بابەتی تر. بەبێ خوێندن هەستم دەکرد کە من هیچ کەسێک نیم. ئێستا هەست دەکەم کە زانیاریم هەیە و دڵخۆشم.

• • •

In Somalia non sono mai andata a scuola né ho fatto corsi eccetto la scuola coranica. Non sapevo leggere né scrivere. Ora ho imparato a scrivere sia in norvegese che in somalo, e molte altre cose. Senza istruzione, sentivo che non ero nessuno. Ora mi sento informata e felice.